www.kurdistannet.org

# دەچمەوە

## ئەحمەد دەشتی

ژینی غوربەت میحنەت و هەر زیللەتە
ئای کە دووری ڕەنج و ژان و حەسڕەتە
پڕ گرینە چاوی سووری دوورە کەس
ئاتەشینە زامی جەستەی ناو قەفەس
دووری خزم و نیشتمانم زەحمەتە
ژین لەغوربەت بێ بەهارو نیگبەتە
لێرە نابم دەچمەوە هەر دەچمەوە
ڕوو لە واری خۆم دەکەم ڕا دەبمەوە
دەچمەوەلای شارودەشت و گوندی خۆم
دەچمەوەلای دایك و خوشك وباوکی خۆم
ئێروکانە گولخەنی ژینە برا
پڕ لە ڕەنج و میحنەتم ژینم بڕا
من لە دووری بوومەتە زام و گڕین
نیمە شادی بێجگەلە ژانی برین
دووری بۆمن هەر نەمان و هەر تەمە
گشت دەم و ساتی ژیانم هەر خەمە
بۆیە لێرە نامینێم من دەچمەوە
ژانی دووری و هەندەران دەبڕێنمەوە
دەچمەوە ناو کۆڕی یارانی ئەمین
دەچمەوە لای خۆشەویستانی ئەوین
لیروکانە من غەریب و بێکەسم
بێ هەڤال و دوورە خزم و گشت کەسم
دەچمەوە هەر دەچمەوە هەر دەچمەوە

چیدی ڕەنجی دوورە خاك ناهێلمەوە
زۆر لە مێژە بومەتە ژانی برین
وێل و ئاوارەو حەزین و پڕ گڕین
ئای کەسەختە ژین لەدووری خاکی خۆت
مردوویی گەر تۆ غەریبی واری خۆت
دەچمەوە من بۆهەوارو زێدی خۆم
ڕا دەموسم دارو بەردی خاکی خۆم
ژینی ئێرە هەر خەمەو هەر زیللەتە
چارەیی من خۆ بە قوربان میللەتە
ساتێ ژینی لای کەس و خزمانی خۆم
نایدەمە سەدساڵ ژیانی دوری خۆم
دەچمەوە هەر دەچمەوە هەر دەچمەوە
چیدی ڕەنجی دوورەکەس نابینمەوە
ڕوو لە خاك و شاری دیرینم دەکەم
ڕوو لە ڕووگەو زێدی باوانم دەکەم
دەچمەوە بۆ لای هەڤال و گوندی خۆم
ڕادەمووسم خاکی ژێر پای یاری خۆم
ئەم بیانیەو غوربەتەم نەفرین دەکەم
خۆم بە قوربان خاك و دۆستانم دەکەم
لێرە نابم دەچمەوە هەر دەچمەوە
چی کە چاکە بۆ وەلات دەبیمەوە
هەرچی باشە من لە غوربەت فێر دەبم
بۆ هەواری خۆم دەبەم من ڕا دەبم
غوربەت و دووری لە خاك دەبڕێنمەوە
تا لە زێدم شادی وبەرزی بێنمەوە
سەر بلندە کێ لە خزمەت خاکی خۆی
تێ بکۆشێ ئەو لە ڕێگەی باوکی خۆی
کێ کە نامۆ و دوورە خاکە مردووە
قەت دەمێ ئۆخەی لە خۆ نەکردووە

*